بە ڕێژەی دووەم لەسەر یەک نرخی نەوت بەردەوام لەبەرزبوونەوەدایە

ئەمە سەشەمە، نرخی نەوت بە دووەم ڕێژە لەسەریەک بەرەو بەرزبوونەوە دەڕوات، دوای ئەوەی دوێنێ دووشەمە لە کاتی یەکلاکردنەوەیدا زیاتر لە دۆلارێک بەرزبووەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە پشبینییەکانی کەمبوونەوەی دابینکردنی نەوت بەهۆی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی ڕووسیا و هەرشەکانی بە سەر پاڵاوگەکانی ڕووسیا لەئارادایە.

هەر بەرمیلێک نەوتی خاوی برێنت ٢٣ سێنت بەرزبووەوە و گەیشتە ٨٦ دۆلار و ٩٨ سێنت، هاوکات نرخی نەوتی خاوی ئەمریکا ٢٨ سێنت بەرزبووەوە و گەیشتە ٨٢ دۆلار و ٢٣ سێنت.

نرخی دوو نەوتی خاو بە یەک دۆلار و 32 سێنت لەگەڵ یەکلاکردنەوەیان لە وەرزی پشووی بازرگانیدا بە بەرزبوونەوەی یەک دۆلار و 32 سێنت داخران.

ڕووسیا داوای لە کەمپانیا نەوتییەکانی کرد کە بەرهەمهێنان کەم بکەنەوە بە ئەوەی ئامانجی ڕێکخراوی وڵاتانی هەنارد‌ەکاری نەوت (ئۆپیک) بەدی بێت کە ڕۆژانە نە ملیۆن بەرمیلە